# لەیادی 5 ی ئازاردا

# ڕانیە دەروازەی ڕاپەڕین یان شارێک پشتاو لە خزمەتگوزاری ؟



سلێمان عەبدوڵڵا یونس
slemanyunes@yahoo.co.uk

ڕاپەڕین وەرچەرخانێکی مێژوویی گرنگ بوو لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستاندا ، گواستنەوەی شۆڕشی درێژخایەنی شاخەکانی خەڵکی کوردستان بوو بۆ شەقامی شارەکانی کوردستان ، سەرەتای دەسپێکێکی تازە بوو هەم لە خودی ئەو شۆڕشە تا ئەو سات بەئاکام نەگەیشتووە و هەم سەرەتای دەرکەوتنی ئاسۆیەکی پشتیوانی بەرینتر بوو لە داخوازیە ڕەواکانی شۆڕشی کورد چ لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و چ لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیش ، ئەو ڕۆژە بوو کە دەنگی زوڵاڵی شۆڕشی کورد بەستەڵەکی بێدەنگی لە چیاکانی کوردستانەوە شکاند و لە ڕێگای میدیاکانی جیهانەوە گەیشتە یەک بەیەکیماڵەکانی دەوڵەتانی خۆرئاوای خۆنەبانکردوو لە کێشەی ڕەوای بەشێک لە خەڵکی کوردستان .

ڕاپەڕین ئەگەرچی لەلایەن بەرەی کوردستانیەوە بەرنامەیەکی بۆ دارێژرابوو کە خاوەنی ئەسڵی ئەو بەرنامەیە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بوو کە ئەوسا بەهێزترین باڵی نێو ئەو بەرەیە بوو ، بەڵام وەکوو دەرکەوت ئەو بەرنامەیە

بەرنامەیەکی کرچ و کاڵ بێ ستراتیژ بوو چونکە تەنها جەختی لەسەر پلانیکی پێشمەرگانەو ڕاپەڕینێکی جەماوەریانە کردبوەوە بۆ ڕزگاری شارەکان و ڕامالێینی دەسەلاتی بەعسی داگیرکەر لە کوردستاندا ، هەربۆیە دوای بەئاکام گەیشتنی ئەو پلانە سەربازی و میللیە ئیدی سەرکردایەتی ئەو بەرەو خودی یەکێتیی نیشتمانیش دەستەوستان و بوون و نەیانتوانی هەنگاوەکانی دوای ڕزگارکردنی کوردستان بە شێوەیەکی دروست و ساغلەمانەبەئاراستەی هێنانەدی ستراتیژێک بهاوێن هەربۆیە بەڕزگارکردنی کەرکوک کۆمەلانی ڕاپەڕیوو پێشمەرگەی هێزی ڕزگارکەر و تاکە پشتیوانی کۆمەلانی خەڵکی ڕاپەڕیوو کەوتنە گێژاوی تالانی و بێسەر و بەریەکی بێ مانا ، چونکە بەرنامەی دوای ڕزگارکرن نەبوو چونکە ستراتیژی بەرگریکرن لە بەرنامەی بەرەی کوردستانیدا نەبوو هەر بۆیە مانگی هەنگوینی ئازادی کوردستان بەتایبەتی هی کەرکوک زۆر تەمەن کورت بوو، ئەگەرچی کۆڕەوێکی بێ بەرنامە بەرنامەی پاراستنی کوردستانی لەلایەن هێزە خۆرئاوایەکانەوە بۆ کورد لێ کەوتەوە .

قسە کردن لەسەر ڕاپەڕین کاری گوتارێکی ڕاگوزەری نیە ، بەڵکوو پێویستی بەلیکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی و دووردرێژ و زانستیانە هەیە، ئەمەش پیویستی بە کات و هەل و دەرفەتی گونجاو هەیە هەربۆیە لێرەوە دەچمەوە سەر یەکەمین ڕۆژی ئەو ڕاپەڕینەو یەکەمین شاری دەروازەی ئەوڕاپەڕینە کە ئامانج و مەبەستی ئەو نوسینەیە .

ڕانیە کە بڕیاریدا ببێتە دەروازەی ئەو ڕاپەڕینە تەنها کێوەڕەش دەزانی خاوەنی چ خەون و خولیایەک بوو ، قوللەی سازگار و دڵگیر دەزانی کە تۆڵەی چ ڕقێکی پیرۆز لەناخی شەهید عەلی و نەبی بەکر چاوشیندا ببوونە بورکان و چەخماخەی یەکەم پڕیشکی ڕاپەڕین لە ڕانیەو دواتریش هەموو کوردستان ، ڕانیە ئەو مێژووە پڕ بوو لە خەون خەونی کوردستانیانەی پیرۆز ، خەونێک ڕانیە تیایدا دەبوو بەیەکەم بووکی

بەهاری ئەو ڕاپەڕینەو هەموو ساڵێک گوڵی سوری چەندین دەسکەوتی خزمەتگوزاری دەخریتە گەردنی ، ڕانیە دەبێتە پارێزگایەک و بۆ هەمیشە وەک سەر تۆپی دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین وەکوو گەردانەیەکی ئاڵتون هەمیشە بەگەردنی بەرزی کیوەڕەشەوە دەبریسکێتەوە ، بەڵام ئەفسوس ئەو دەروازە پیرۆزە کرا بەگەورەترین مەیدانی جەنگی براکوژی ، کرا بە بەمەڵبەندی تاقیکردنەوەی گەندەڵی و ناوچەی گیرفان پڕکردن و شەڕی درێژخایەنی تەکەتولاتی ناو یەکیتیی نیشتیمانی و سەرەنجامیش ئێستا ڕانیە دوور لە بەڵێنە خۆشەکانی بەڕێز مام جەلال و کاک کۆسرەت کە لە یادەوەری ساڵە بەراییەکانی یادکردنەوەی 5ی ئازاردا بەرامبەر بە حەشامەتی ئەو شارە دەدران نەک پریزگا نیيە بەڵکوو شارێکی تەواو بێنازە ، ڕانیە شوکر لە سایەی دەسەڵاتی نورانی یەکێتیدا شارێکی تەواو خامۆش و وێرانەیە، کەمترین دەستی خزمەتگوزری بۆ دریژ کراوە ، ڕانیە لە 5ی ئازاری 1991 وە لەوکاتەوە بوو بەدەروازەی ڕاپەڕین ، شارێکە هەر بەڕاستی پشتاوکراوە لە خزمەتگوزاری کە سبەیش ئیدارەکانی سلێمانی و هەولێریش یەکدەگرنەوەو پارتی دەبێتە حوکمرانی هەموو کوردستان بێگومانم حاڵی ئەوشارە بە دوو جار خراپتر دەبێ چونکە پارتی ئەو شارە بە نفوزی یەکێتیی دەزانن و خەڵکی ئەو شارە دەبێ باجی یەکێتیی بوونەکەشیان بدەن .